سەماحەتی حەکیم بانگەشە بە بایخپەدان بە سامانی ئاژەڵی دەدات وئاماژە دەکات کە کشتوکاڵ باشترین چارەسەرە بە نەهەشتنی کەشکانی ژینگە و کەش و هەوا

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هەزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پەشوازی لە شاندێکی جوتیارانی قەزای زوبێر و ناوچەکانی ڕۆژئاوای بەسرە و چەند لە 2022 کرد لەم دیدارە بەڕێز عەلی شەداد ئەلفارس ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادەی بوو و هەروەها گوێبیستی داواکارییەکانیان بوو و لەگەڵ ئەوان سروشتی کەرتی کشتوکاڵ تاوتوێ کرا و باس لە شتە ئەرێنییەکانی قەناغی ڕابردوو کرا کە وای کرد عەراق بگەیێنێتە دەخەك کە پشت بەخۆی قایم بکات.

بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر گرنگی کشتوکاڵ کردەوە وەک یەکێک لەو کەرتانەی کە دەتوانێت لە نەوت ڕزگارمان بکات و دەخی پشتبەستن بە نەوت و دەوڵەتی کرێنشین کەم بکاتەوە و تەئکیدی لەسەر پاڵپشتیکردنی جووتیاران بە پەینی کیمیایی و ئامێر و سووتەمەنی و کەرەستە جەراوجەرەکانی کشتوکاڵ کردووە.
هەروەها تەئکیدی لەسەر وەبەرهێنانی باشترین ئاو لە ڕێگەی میکانیزاسیون و تەکنەلۆژیای زامایەوە و ئاماژەی بە گرنگی ئاوی شیرین کرد لە قەناغی داهاتوودا، گرنگی بە ئاژەڵداری دا، ئاماژەی بەوەدا کە کشتوکاڵ چارەسەرێکی نموونەییە بە ئەوەی کەشی ژینگە و کەشوهەوا چارە بکرێت.
هەروەها داوای دادپەروەری بە کەرتی ئەندازیارانی کەرتی نەوت کرد و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە کەمپانیا بیانییەکان ناچار بکرێن ئەندازیار و کرێکارانی عەراقی دابمەزرێنن کە دەرفەتی دامەزراندنی حکومەتیان نەبووە و جەختی لەسەر گرنگی ڕاهێنان و پەرەپێدان کردەوە بە دروستکردنی نەوەیەک کە توانای پیشەسازی نەوتمان لە هەموو کەرتەکانی هەبێت.